

# زەمەن لە دژی هەقیقەت

لەعەرەبییەوە: عەبدوڵلا مەحمود زەنگنە

پرسیارکردن لە راستی «هەقیقەت» پرسیاری راستەقینەیە لە فەلسەفەدا، بۆیە بە شێوەیەکی راستەقینەیش دەهێنرێتە ئارا، ئەگەر پەیوەستی بکەین بە زەمەنەوە و لە هەموو رووەکانییەوە ئاوونوێی بکەین و بە دوای پارادۆکسەکەیدا بگەڕێین، واتە پرسیارکردن لە هەڵە و نوێکاریکردنی لەسەر نوێکارگەی مێژوو و زەمەن، بەڵام نوێکاریی پرسیار لە راستی لەسەر مەحەکی زەمەن، خودی پرسەکە دەخاتە قەیرانەوە و دەیکاتە ئەڵزگەیەک دەرەچەمان نابێت لێی. ئیدی چۆن دۆلۆز چارەسەرێک بۆ کێشەی راستی دەدۆزێتەوە، کاتێک پەنا بۆ چەمکەکانی «لایبنتز»دەبات لە بارەی «موکمین» و هاوڕەگەزنەبوون و «اللامتجانس» و جیاوازنەبوون» اللاتمایز»وە و بە چەکوشی نیچەیی تێکیدەشکێنێت.

ئەگەر پەند لە مێژووی فیکری وەربگرین، بێگومان تێبینی دەکەین، کە زەمەن هەمیشە و بەردەوام سەرچاوەی کێشەی وێناکردنی راستی بووە..ئەوەیشی راستی دەخاتە کێشەوە، خودی راستی نییە کە بە درێژایی سەردەمەکان فرە جۆر بووە و هاوکات ناوەڕۆکی ئەزموونگەریی سادەیش نییە، بەڵکو فۆرم

یان خـودی هێزی زەمەنە. هەر لە دێر زەمانەوە ئەم کێشیە لە ئەڵزگەی فۆرمەکانی ئایندەی داکەوتەییەوە ئەقیوەنەوە. ئەگەر ئەوە راست بێت کە رەنگە سبەینێ جەنگێکی دەریایی روویدات، ئیدی چۆن بتوانین خۆمان لەم دوو دەرەنجامە رزگار بکەین: یان لە مومکینەوە ئەستەم بەرهەم بێت ( چونکە ئەگەر مەعریفە روویدات، بێگومان دەبێ روونەدات)، یان دەبێ رابردو پێویست نەبێت (چونکە دەشێت جەنگەکە روونەدات).

کارێکی ئاسانە گـەر بمانەوێ چارەسەرێکی دیالێکتیکی ئەم پرسە بکەین: ئەگەر لایکەمی قورسی و گرانیی بیرکردنەوە لە پەیوەندیی راستەوخۆی نێوان راستی فۆرمی زەمەن روون نەکەینەوە، ئیدی دەکەوینە پێگەی ئاوانباری بـەوەی راستیمان دوور لە هەبووەکان دانـاوە، واتە خستوومانەتە نەبەدەوە، یان ئەوەی لە ئەبەد دەچێت. دەبێ چاوەڕوانی «لایبنز» بکەین تا ئەم پرسە کارامەترین و هاوکات نامۆترین و پێچاوپێچترین چارەسەری بۆ دەدۆزرێتەوە.

لایبنز باس لەوە دەکات کە جەنگە دەریـاییـەکـە رەنـگـە روویـــدات یان روونـــەدات، بەڵام خۆ ئەمە لە یەک دنیادا روونـــادات، واتـە دەشێت لە جیهانێکدا روویدات و لە جیهانێکی تردا روونـەدات، ئەم دوو جیهانەیش دوو جیهانی مومکینن، بەڵام پێکنەگونجاون، بۆیە دەبــێ وێناکردنێکی جــوان بۆ هاوڕەگەزنەبوون (جیاواز لە پارادۆکس) بخوڵقێنین، بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو کێشە و ئەڵزگەیە بکەین کە راستی رزگار دەکات.

ئەوەی بە پێی ئەم مانایە مومکینی لێبەرهەمدێت هاوشێوەنەبووە نەک ئەستەم، دەکرێت رابردویش راستی بێت، بێئەوەی وەک پێویستی ببێتە راسـتی، بـەڵام ئـەوکـات وێناکردنی راستی لەبری ئـەوەی چارەسەرێک بـدۆزێتـەوە دەگـات بە ئاراميیەکی کائنی. دیارە شتێک نییە رێگرمان بێت لەوەی بیسەلمێنین هاوشێوەنەبووەکان سەر بە هەمان گەردوونن. بۆ نمونە «فانگ» نهێنییەکی پاراستووە، دواتر نەناسراوێک لەدەرگای دەدات، دەشێت فانگ ئـەو بکوژێت یـان ئـەو فانگ بکوژێت، دەشکرێت هەردووکیان لـەو مەترسییە رزگـاریـان بێت یان هەردووکیان ئیابچن...هتد. دەکرێت تۆ بگەیت بە من، بەڵام لە یەکێک لە « مومکین»کانی رابردودا رەنگە دوژمنی من بووبیت و لە جیهانێکی تریشدا هاوڕێم بیت. ئەمە وەڵامی بێرگسە بۆ لایبنز. هێڵی راست وەک هێزێک لە زەمەن و وەک سووڕمێن «متاهە»یەک لە زەمەندا، هاوکات هێڵێکە هێڵی تری لێدەبێتەوە، دواتریش هێڵەکانی تر کە لەو هێڵە راستە کەوتوونەتەوە بە جۆرەها فۆرمی هاوڕەگەزنەبووی ئامادەدا گوزەر دەکەن و دەگەڕێنەوە بـۆ فۆرمەکانی رابـــردو، کـە وەک پێویستی وەک هێڵە راستە سەرەکییەکە راست نین.

پێگەیەکی تر بۆ گێڕانەوە دێتەئارا، واتە ئیدی گێڕانەوە لەوە دەکەوێت گێڕانەوەیەکی راسـت و درووسـت بێت، بەو مانایەی خواستی راستی و درووستیی هەبێت لـەوەی لـەڕووی چییەتیەوە درۆزن بێت، پرسەکە هەرگیز پەیوەند نییە بەوەی هەر یەکە و خاوەنی راستی و هەقیقەتی خۆی بێت، بەڵکو فرەییەکی پەیوەند بێت بە ناوەڕۆکەوە. ئەوە توانای هەڵەیە کە شێوەی راستی و هەق دەشێوێنێت و جێی دەگـرێتـەوە، بـەوهـۆیـەی هاوکاتبوونی فۆرمە هاوڕەگەزنەبووەکان لە ئێستاوە دەهێنێتە مەیدان، یان لەگەڵ فۆرمگەلێکی ئێستادا دەژی کە وەک پێویستی راستی و هەقیقەت نین.

لـە ئێستا بـــەدواوە وەسـتی بەرجەستەیی دەگاتە جیاوازنەبوونی شتە واقیعی و خەیاڵییەکان، بەڵام ئەو گێڕانەوە درۆیینانەی لەگەڵیدا دەگونجێت هەنگاوێک بۆ پێشەوە دەنێت و لە ئێستادا جیاوازی ئەوتۆ دێننە مەیدان راڤە ناکرێن و جێگرەوەی ئەوتۆیش دەخەنە نێو رابـردووەوە کە ناتوانرێت لە نێوان راستی و ناڕاستی «هەق و ناهەقدا» یەکلا بکرێنەوە.

مرۆڤی راسـت و درووسـت مرد و هـەمـوو نموونەیەک لـە راستی و هەقیقەت لـە پـێـنـاوی سـوودی گێڕانەوەیەکی نوێدا سەرهەڵدەدات. ئێمە لەم بـوارەدا قسەمان لە یەکەم نووسەر نەکردووە، نیچە لە ژێر ناوی ویستی هێزدا تـوانـای هەڵەکردنی کـۆکـردوەنـەوە بۆ فۆرمی راستی و هەق چارەسەرێکی بۆ قەیرانی راستی دۆزییەوە، کاتێک ویستی بۆ یەکجاری و تا ئەبەد دەستنیشانی بکات، بەڵام بە شێوەکی پێچەوانەی لایبنز، ئەویش لە پێناوی سوودی هەڵەدا و لە ژێر ناوی توانای هێزی کردەیی ئەفرێنەردا..».

**سەرچاوە :**

-رۆژنـامـەی «المنارات»، ژمارە «2724»، رۆژی چـوارشـەمـە 13ی شوباتی 2013